پێشەکیەکی کورت :

تێک و پێکچون و لە بەر یەک هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراقی دەرگایەکی ئومێد بەخشی بە سەر دڵی تاک و کۆی ئینسانی کوردی دا کردەوە . بە هیوای ئەوەی ئەمجارەیان بە سوود وەرگرتن لە شکستەکانی پێشوی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی , ئەویش بەپێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ . بەڵام خەریکە ورده ورده ئەو خەونە دەکرێتە قوربانی کۆمەڵێ مەرامی حزبی . هێزە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بوونەتە بەشێکی سەرەکی لە پێکهێنان و دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراقی , بەبێ ئەوەیی هیچ قسەیەکی ڕۆشن لەسەر کوردستان کرابێ .دەوڵەتی عێراق ڕۆژ بەڕۆژ سەقامگیر تر دەبێ ,
ئەوەتانێ پرۆڤەکانی سوپای نوێێ عێراقی لەتوانەوەو پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی سەدرو تێکشکانی گروپە ئیسلامییە توند ڕەوەکانی سێ کوچکەی سونی نشین . هێزو ئینێرژیەکی زیاتریان پێدەبەخشێ بۆ جێبەجێکردنی پەیامەکەی "غازی یاوەر" , بۆ لە خوێن گەوزانی بزوتنەوەی سەربەخۆی کوردستان .
بۆیە ئێمە" ماڵپەڕی دەنگەکان" بەباشمان زانی پرسیارێک لەو بارەوە بخەینە بەردەست کۆمەڵێ لە ڕۆشنبیران و نووسەرانی گەلەکەمان

- ***ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لەجیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات.ئایا پێت وانیە سەرکردایەتی سیاسی کوردلە پێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست ئەدرێ.بەبڕوای تۆ چ هەنگاوێك پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵك لەم دەرفەتە مێژوویی یە وەرگرین؟***

سەرەتا پێم باشترە ڕستەی یەکەم بەشێوەیەکی تر فۆرمولە بکەم، ئەویش ڕەخسانی زمینەی کارکردن و خۆ ئامادەکردنە بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا، نەک ڕاگەیاندنی کتوپڕی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. گەلی کوردستان ناتوانێ بە بێ ئامادەکاری و خەباتێکی سەربەخۆئامێزانە، کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ببات.
تاوەکوو ئێستا وتاری سیاسی لە باشووری کوردستان لە ئاستی فێدرالیەکی ئوتونومدایە. هیچ جیاوازیەکی بنەڕەتی و یاسایی لە نێوان ئوتونومی ساڵی 1970 و فێدرالی داواکراوی ئێستادا نابینم. کەواتە تەنیا ناوی شەکلی پەیوەندی نێوان کوردستان و بەغدا، گۆڕاوە، نەک ناوەڕۆک. ئەم وتارە لاواز و ترسنۆکە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت دەوڵەت ڕابگەیەنێت.
پێم وایە تاوەکوو ئەمڕۆش، وتاری سیاسی کوردی داگیرکراوە و ڕۆشەنبیرانی نەتەوەی سەردەست (عەرەب) بۆ کوردی دەستنیشانکردوە، بەتایبەت ڕۆشەنبیرانی چەپی عەرەب و پارتە عەرەبەیکانی عێراق. ئەوان پارتە سیاسیەکانی کوردیان هەڵخەلەتاندوە و هەموو هەوڵ و تەقەلا و فکریان بۆ مانەوەی کوردستانە لە ناو سنووری عێراقدا.
کەواتە حکومەتەکانی عێراق بە هێزی چەک و لەشکرەوە نایەڵن کوردستان ڕزگاربێت، و ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەدارانی نەتەوەی سەردەست (عەرەب) نایەڵن فکری کوردی و وتاری سیاسی کوردی ڕزگاربێت. هەربۆیەش لە سەرەتادا دەبێ وتاری سیاسی کوردی ڕزگاربێت و سەربەخۆیانە سەیری

کوردستان بکات، ئینجا لایەنە کوردستانیەکان دەتوانن باسی سەربەخۆیی کوردستان و جیابوونەوە بکەن.
گەلێ ڕۆشەنبیر و سیاسەتمەداری کورد، ئێستاکە هەوڵ بۆ ڕزگارکردنی و تاری سیاسی کوردی دەدەن. تاوەکوو ئێستا کورد وتارێکی ترسنۆکی هەیە. پارتە کوردستانیەکان دەیانەوێت بە فێڵ و خۆشکوڕی نواندن و پێکەنین و تەمەلوقەوە، لایەنی عەرەبی عێراق قایل بکەن و دان بە مافەکانی گەلی کورد بنێن. دەسەڵاتدارانی کورد پێیان وایە، ئەوان لە ئوپۆزسیۆنی چارانی عێراق و دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق، شارەزاتر و زاناترن، بۆیە پێیان وایە دەتوانن گۆڵ لە پارتە عەرەبیەکان و حکومەتی عێراق بکەن. بەڵام بەداخەوە ئەو (ئوپوزسیۆنە نەزانە) توانی گۆڵێکی سیاسی و یاسایی لە سەرکردایەتی کورد بکات و دەستوورێکی کاتی پەسەند وئیمزابکەن بەبێ ئەوەی دان بە جوگرافیای کوردستان، کورد وەک نەتەوە و زۆڵم و زۆردارییان بەرامبەر بە کورد بنێن. نەک تەنیا ئەوە بەلکوو یاسایەکیان ئافراند تیادا هەرێمی کوردستان وەک هەر پارێزگایەکی تری عێراق مافی هەیە.
لە ئەنجامی هەموو هەڵە سیاسیەکانی سەرکردایەتی کورد، ئێستاکە حکومەتی عێراق و پارتە عەربەیکان خەریکن دەسەڵاتی باشووری کوردستان لاوازدەکەن و ڕۆژانە کارێک لە دەستیاندا دەردێنن و بەڕێوەبردنی کوردستان بە عێراقەوە گرێ دەدەنەوە.
ئەمە واتای ئەوەیە کە لایەنی عەرەبی سەرەڕای تیرۆر و شەڕکاری، هەنگاو دەنێن بۆ نەهێلانی سەربەخۆیی ئیداری لە باشووری کوردستان نەک بۆ گەڕاندنەوەی هەرێمە داگیرکراوەکانی تری باشووری کوردستان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.
کەواتە هیچ نیازپاکیەک لە لایەن حکومەتی عێراق و پارتە عەربەبیەکان نابینرێت، تاوەکوو کورد ڕازیبن و بەشداری بکەن لە بونیادنانەوەی عێراق و دروستکردنی دەوڵەتێک تاوەکوو بە شێوەیەکی یاسایی و هێزی سەربازی و عێراقیبوون، بچەوسێنیت.
ئەوەی لایەنە کوردیەکان دەیکەن، قەبر کۆڵانێکە تاوەکوو خودی کورد بکەونە ناوی.

**هیشام ئاکرەیی**